# شارۆن وكۆمۆنيستی كرێكاری

## نورەدین وەیسی

حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق داوادەكات هەرئێستاودەستبەجێ باشووری كوردستان لەعیراق جیاببێتەوەوسەربەخۆیی رابگەیەنێ،بۆ ئەم مەبەستەش ماوەیەكە شتێكی بەناوی (كەمپینی ریفراندۆم بۆسەربەخۆیی كوردستان) دامەزراندووەوپڕوپاگەندەی ئەوەش دەكەن گوایا ئەوان یەكەم لایەن بوون كەداوای ریفراندۆمیان كرد، كەچی كۆمۆنیستی كرێكاری ئامادەنییە ئەم دروشمی جیابوونەوەیە لەسەرخۆی جێبەجێ بكاو (كوردستان)لە كن ئەوان هەر رێكخراوێكی پاشكۆیە، ئەمە لەكاتێكدا زۆرینەی ئەندامەكانیشیان خەڵكی كوردستانن،بێجگە لەمە ئەندامانی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق هەمیشە لەقسەكانیاندا كەباس لە شاروشارۆچكەكانی كوردستان دەكەن بەعیراق ناوی دەبەن ،بۆنموونە كە كۆمۆنیستێك لەدەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی یان هەولێرو دهۆك وكەركوك دەڵێ دەچمەوە بۆ عیراق یان لەعیراق واكراو وا روویدا كەمەبەستی شارەكانی كوردستانیشە، ئیدی ئەمە دووڕوویی وچەواشەكردن نەبێت چییە؟!

بە پێی راگەیێنراوەكانیان بێت كەس هێندەی كۆمۆنیستی كرێكاری دڵسۆزی كوردوخەڵكی كوردستان نییەوبەردەوامیش شین ورۆڕۆ بۆ مافخوراوی خەڵكی باشووری كوردستان دەكەن، بەڵام لەراستیدا دوژمنی سەرسەختی سادەترین مافی خەڵكی كوردستانیشن، بۆنموونە ئەورۆ بەشی هەرە زۆری كورد لە تەواوی پارچەكانی كوردستان ووڵاتانی دنیادا ئاڵای رەنگین وسەربڵندی كوردستان بەئاڵای خۆیان دەزانن وبەشانازییشەوە هەڵیدەگرن، كەچی لەكن كۆمۆنیستی كرێكاری و(لیدەر)ەكەی ئەم ئاڵایە بێ وەیە (رەمزێكی كۆنەپەرستیە)! ئەمە لەكاتێكدا لانیكەم تا ئێستا لە بن ئەو ئاڵایەدا هیچ تاوانێك ئەنجام نەدراوەو زۆریش لەئاڵای سووری كۆمۆنیزم رووی سوورتروبێتاوانترە كە بەملیۆنان كەسی لەژێردا كوشت وبڕو جینۆساید كراوەوتا هەنووكەش لەژێرئەوئاڵایەدا ولاتییەكانی چین وكۆریای باكوورو ولاتە كۆمۆنیستەكانی تر تەنانەت ناتوانن بەئازادی ئینتەرنێتیش بەكاربێنن، ئیدی كە كۆمۆنیستی كرێكاری دژی ئاڵای كوردستانە واتای ئەوە نییە كە دژی خەڵكی كوردستانە؟

لە كن كۆمۆنیستی كرێكاری كەركوك چونكە شارێكی كوردستانی نییە بۆیە داوادەكەن لە رێی ریفراندۆمەوە چارەنووسی دیاریبكرێ ، بەئاشكراو رووقایمانەش داكۆكی لە عەرەبە داگیركەرەكانی كەركوك دەكەن ودژی ناردنەوەشیان وگەڕاندنەوەی كەركوكیش بۆ سەر (هەرێمی كوردستان) وەك بەعسیی وشۆڤێنیستە عەرەبەكان بە (تەكرید) دەزانن ، بیانووشیان ئەوەیە ئەو عەرەبانە بەمەبەستی تەعریب نەهاتوون بەڵكو فرسەتێك بووە بۆیان هەڵكەوتووە بۆباشتركردنی هەلومەرجی ژیانی خۆیان!،گریمان ئەو لێكدانەوە بێ بنەماو نالۆجیكیەی

کۆمۆنیستی کرێکاری راستەوئەو هەزاران عەرەبە هاوردە داگیرکەرە کەسیان بەو نیازە نەهاتوون ونەیانزانیوە بەمەبەستی تەعریب ئەو پارە ودەسکەوتە زۆرانەیان پێ دەدرێت ، بەڵام ئایا ئەمە هیچ لەپرسەکە دەگۆرێت وماف ورەوابوونی ئەوەیان پێدەدات درێژە بە سیاسەتی شۆڤێنیستی تەعریب وزەوتکردنی خاکی کوردستان بدەن؟ ئایاکۆمۆنیستی کرێکاری هەمان هەستی مرۆییانەشی بەرامبەر ئەو جوولەکانە هەیە کەلە کۆمەڵگا نیشتەجێکراوەکان( مستەوتەنات)ی کەناری رۆژئاواو نێوچە فەلەستینیەکان نیشتەجێبوون؟ ئایا کۆمۆنیستی کرێکاری وەك چۆن بەئاشکرا دژی دەرکردنی عارەبە هاوردە داگیرکەرەکانی کەرکووکە،دژی دەرکردنی جوولەکەکانی نیشتەجێکراوی ناوچە فەلەستینییەکانیشە یان لەبەرخاتری هاورێ عەرەبە چاورەشەکانیان ناوێرن یان نایانەوێ بەلای بابەتێکی ئاوەهادابچن ؟!

هەرچەندە عەرەبەکان ئارێیل شارۆنی سەرەك وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل بە کەسێکی تاوانبارو خوێنرێژوبەرپرسی دەیان کوشتارگە دەزانن،بەڵام شارۆن زۆر لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وسەرکردەکانی مرۆڤ دۆستترە،چونکە لەماوەی دەسەڵاتی خۆیدا دەیان کۆمەڵگەی بەزۆر دروستکراوی نیشتەجێی جوولەکەی لە نێوچە فەلەستینییەکان تێکدا و بە شەق وتێهەڵدانیش جوولەکانی دەرکرد، کەچی کۆمۆنیستی کرێکاری بەناوی برایەتی ویەکسانی درۆینەوە بەرگری لە عارەبە داگیرکەرەکانی خاکی کوردستان دەکا وهاوسەنگەری بەعسی وعەرەبە شۆڤێنیستەکان وموقتەداسەدر وجەبهەی تورکمانی دەسکەلای رژێمی شۆڤێنیستی تورکە کە وەك کۆمۆنیستی کرێکاری بەرگری لەسیاسەتی تەعریب دەکەن ودژی گەراندنەوە کەرکوك وموسڵ وناوچە بەعەرەبکراوەکانی ترن بۆ سەرکوردستان .

***سامان کەریم (بەرپرسی رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق): دەرکردنی عەرەبە هێنراوەکان نەك کێشەی کەرکوك چارەسەر ناکا بەڵکو قووڵتری دەکاتەوە**
www.dengekan.com/doc/2006/5/samanKarim27.pdf